**بابەت: کۆکردنەوەی نوێژەکان بەهۆی بارانەوە**

**ژمارەی فەتوا: ١/ ٢٠٢٠**

**بەروار: ١٤٤١/٦/١هـ= ٢٠٢٠/١/٢٨م= ٢٧٢٠/١١/٩ك**

**جۆری فەتوا: توێژینەوەیی**

**بابەت: پەرستشەکان**

## ( حوکمی کۆکردنەوەی نوێژەکان بەهۆی بارانەوە )

دوای ئەوەی لە هەندێك لە لیژنەی فەتواکانی لقەکانەوە و زۆرێك لە موسوڵمانانەوە داوا کرا کە ئەنجومەنی باڵای فەتوا حوکمی کۆکردنەوەی نوێژەکان بەهۆی بارانەوە ڕوون بکاتەوە، هەرچەندە ئەنجومەن لە فەتوایەکی پێشوویدا بەژمارە (٣) لە بەرواری ٢٠١٦/٢/١٩ بە کورتی ئەم بابەتەی ڕوون کردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەندێ شوێن و هەندێك خەڵك بەهۆکاری زۆر سادە و بێ شارەزایی لە شەرع، نوێژەکانیان کۆ دەکەنەوە و نیگەرانی و خیلافی زۆریان دروست کردووە لە مزگەوتەکاندا، بۆیە ئەنجومەن بە پێویستی زانی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ١٤٤١/٦/١ بەرامبەر بە ٢٠٢٠/١/٢٨ دووبارە ئەم بابەتە بەم شێوەیەی خوارە بۆ نوێژ خوێنان و مامۆستایانی بەڕێزی کوردستان ڕوون بکاتەوە:

١. ئەصل وایە هەموو نوێژێك لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ (سورة النساء: ١٠٣).

٢. جەمع کردن بەهۆی بارانەوە لەمەزهەبی حەنەفیەکانداو ئیمامی موزەنی و هەندیکی دیکە لە شافیعیەکان بەهیچ شێوەیەك درووست نییە، وە لە مەزهەبی خۆماندا، مەزهەبی ئیمامی شافیعی ومەزهەبی مالیکی ومەزهەبی حەنبەلیدا بە کۆمەڵێك مەرج کە باسیان دەکەین ڕێگەی پێدراوە، بەڵام مالیکیەکان و حەنبەلیەکان، و ئیمامی حەرەمەین لە شافیعیەکان تەنها جەمع کردنی نوێژی مەغریب و عیشا بە تێکڕای مەرجەکانەوە بە دروست دەزانن.

٣. پێویستە ئەم بابەتە وەك ڕوخسەتێك سەیر بکرێت نەك وەك سوننەتێك و بەکەمی و تا مەرجەکانی بە دڵنیاییەوە نەیەتە دی ئەنجام نەدرێت چونکە :

أ - هیچ دەقێکی صەریح نییە لە فەرموودەکان کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کردبێت بە کۆکردنەوەی نوێژ بەهۆی باران بارینەوە، یان ڕیوایەتێکی صەحیح و صەریح کە پێغەمبەر -ﷺ- بۆ خۆی ئەنجامی دابێ ئەوەی هەیە تەنها ئاماژەو مەفهومی موخالەفەی ڕیوایەتەکان، و ئیجتیهادە لە مانا کردنی فەرموودەکاندا، وەك ئەو فەرموودەیەی کە ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبن عەبباسەوە -رضي

الله عنهما- (جَمَعَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِالْمَدِينَةِ، فِي غَيْرِ خَوْفٍ، وَلَا مَطَرٍ» وفِي حَدِيثِ وَكِيعٍ: قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ: لِمَ فَعَلَ ذَلِكَ؟ قَالَ: «كَيْ لَا يُحْرِجَ أُمَّتَهُ )، هەروەها هەر ئیمامی موسلیم لە ئیبن عەبباسەوە ڕیوایەتی کردووە (صَلَّى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا ، وَالْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ جَمِيعًا فِي غَيْرِ خَوْفٍ وَلَا سَفَرٍ " ، قَالَ مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ: أَرَى ذَلِكَ كَانَ فِي الْمَطَرِ).

ب - هەروەها هەندێ لە زانایان فەرمویانە فەرموودەکە (مضطرب) ە وکاری پێ ناکرێت چونکە بەچەند ڕیوایەتی جیاواز هاتووە لەوانە هەر لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە **(جَمَعَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ)** ، هەروەها لە بوخاری هاتووە: **(صَلَّى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا، وَالْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ جَمِيعًا، فِي غَيْرِ خَوْفٍ، وَلَا سَفَرٍ)**، هەروەها لە مسلم هاتووە: **(جَمَعَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِالْمَدِينَةِ، فِي غَيْرِ خَوْفٍ، وَلَا مَطَرٍ" ، قَالَ مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ: أَرَى ذَلِكَ كَانَ فِي الْمَطَرِ).**

ج- وە هەندێك لە زانایانی دیکە وەك ئیمامی ترمذي دەفەرموون فەرموودەکە کاری پێ ناکرێت لەبەر ئەوەی (معلل) ە ئیمامی ترمذي دەفەرموێ: **(جميع ما في هذا الكتاب من الحديث هو معمول به، وبه أخذ بعض أهل العلم ماخلا حديثين: حديث ابن عباس: أن النبي ﷺ جمع بين الظهر والعصر بالمدينة، والمغرب والعشاء من غير خوف ولاسفر، ولا مطر، وحديث النبي ﷺ أنه قال: إذا شرب الخمر فاجلدوه فإن عاد في الرابعة فاقتلوه، وقد بينا علة الحديثين جميعا في الكتاب) . سنن الترمذي ٢٥٨/٦**

د- وە هەر پێشەوایانی **(الترمذي و الدارقطني و الحاكم و الطبراني)** هەر لە ئیبن عەبباسەوە فەرمودەیەك ڕیوایەت دەکەن بە پێچەوانەی ئەم فەرموودەیەی کە (معلل)ە، پێغەمبەر ﷺ: دەفەرموێ **(من جمع بين الصلاتين من غير عذر فقد أتى بابا من أبواب الكبائر). سنن الترمذي ٢٥٩/١ ، سنن الدارقطني٢٤٧/٢، المعجم الكبير للطبراني ٢١٦/١١، المستدرك على الصحيحين٤٠٩/١**

ئیمامی **(الترمذی)** لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم فەرمودەیە بە لاواز دادەنێ بەڵام دەفەرموێ: **"والعمل على هذا عند أهل العلم: أن لا يجمع بين الصلاتين إلا في السفر أو بعرفة".**

هـ- ئیمامی بەیهەقی دەفەرموێ ئەو ڕیوایەتەی کە دەفەرموێ: **(ولا مطر)** ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا نەیهێناوە ئەگەرچی سەنەدەکەی بە مەرجی خۆشیەتی لە بەرئەوەی ئەو حەدیسە پێچەوانەی ڕیوایەتی جمهوری ڕاویەکانە کە باسی (**المطر**)ی تیادا نییە. سنن البيهقى(٣٦٨/٣).

بۆیە ناکرێت بڵێین سوننەتە، بەڵکوو تەنها ڕوخسەتێکەو لە سنورێکی تەسك و، زانایان بە ئیجتیهاد لە کۆی مانای فەرمودەکان و هەندێك عەمەلی صەحابەو تابعین وەریانگرتووە و پاشان بەچەندین مەرج ڕێگەیان پێداوە.

٤. زانایان چەند مەرجێکیان داناوە بۆ ئەنجامدانی جەمع کردنی نوێژ بەهۆی بارانەوە، کۆی ئەو مەرجانە خۆی دەبینێتەوە لەوەدا کە ئەگەر نوێژخوێن بێتەوە بۆ مزگەوت بۆ نوێژی دووهەم بەهۆی بارانەکەوە توشی ئەزیەت ببێت ، ئەمەش وەك ئیمامی بەیهەقی دەفەرموێ وەرگیراوە لە فەرموودەکەی ئیبن عەبباس کە فەرموویەتی: (أَرَادَ أَنْ لَا يُحْرِجَ أُمَّتَهُ) واتە: ویستوویەتی ئوممەتەکەی توشی ئەزیەت نەکات ، کەواتە ئەگەر ئیحراج وئەزیەت نەبوو نابێت ئەنجام بدرێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ (سورة النساء: ١٠٣) وە ئەوفەرموودانەی کە باس لە ئەنجامدانی نوێژەکان دەکەن لەکاتە دیاریکراوەکانی خۆیاندا زۆرن وبەهێزن، کەواتە ئەگەر هاتنەوە بۆ نوێژی دووهەم ئەزیەتی تیا نەبوو ئەم ڕوخسەتە جێبەجێ ناکرێ ، ئەو مەرجانەش بریتین لە:

أ. دەبێت (جمع التقديم) بێت، وە (جمع التأخير ) تیایدا دروست نییە.

ب. ئەو کەسەی جەمعەکە دەکات ئەهلی جەماعەتی ئەو مزگەوتە بێت نەك ڕێبوار بێت.

ت. ماڵی لە مزگەوت دوور بێت بە شێوەیەك ئەزیەت بخوات بە هۆی بارانەکەوە، نەك دراوسێی مزگەوتەکە بێت.

پ. بارانەکە لەکاتی نیەت هێنانی نوێژی یەکەم هەبێت و بەردەوام بێت تا سەلام دانەوەو لەکاتی نیەت هێنانی نوێژی دووهەمیش هەر هەبێت، وە بارانەکە زەوی و جل و بەرگ تەڕ بکات.

ج. هەروەها پێویستە نیەتی کۆکردنەوە بهێنێ لە کاتی نوێژی یەکەمدا و فەصلی زۆر نەکەوێتە نێوان دوو نوێژەکان و بە نوێژی یەکەم دەست پێ بکەن، وەك جەمعی پێش خستن لە سەفەردا.

٥. جەمع کردن بەهۆی بەفرو تەرزەشەوە دروستە بە مەرجێك بتوێتەوە وجل و بەرگ تەڕ بکات و خەڵك ئەزیەتی پێوە ببینێت.

٦. بەهۆی بای بەتین و سەرماو گەرماو قوڕ وتاریکییەوە جەمع کردن دروست نییە، چونکە وەك ئیمامی نەوەی لە (المجموع ) دەفەرموێ بای بەتین و سەرماو گەرماو قوڕ وتاریکی لەسەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و خەلیفەکانیشدا هەبووە، بەڵام نەقڵ نەکراوە جەمعیان کردبێت بەو هۆیانەوە.

٧. ئەگەر بە ئۆتۆمبیل دەهاتە مزگەوت یان لە ژێر گویسەبان و سواندەی ماڵاندا یان لە ژێر چەترو سەیوانێکدا دەیتوانی بگاتە مزگەوت و تەڕ نەدەبوو؛ ئەوە بۆی نییە نوێژەکەی جەمع بکات.[1]

---

([1]) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەرچاوانە : البيان في المذهب للعمراني ٣٨٠/٤ وما بعدها، المجموع شرح المهذب٣٨١/٤ ، منهاج الطالبين ص:٤٦ ، تحفة المحتاج ٤٠٣/٢، الذخيرة في فروع المالكية ٣٧٤/٢، والمغني لابن قدامة٢٠٤/٢، وشرح صحيح مسلم للنووي ٢١٥/٥، وفتح الباري شرح صحيح البخاري لابن رجب ٣٦٠/٤ وما بعدها.،، الديباج على صحيح مسلم بن الحجاج للامام السيوطي ٣٣٥/٢ ، كنز الراغبين شرح الجلال المحلي ( ١: ٣٩٢)..

إتحاد علماء الدين الإسلامي

المكتب التنفيذي

المجلس الأعلى للإفتاء

بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

في كوردستان

مەکتەبی تەنفیزی

ئەنجومەنی باڵای فەتوا

ژمارە / ١ / ٤

بەروار / ٢٨ / ١ / ٢٠٢٠

٨. هەرکاتێك بەو مەرجانەی سەرەوە جەمعەکە ئەنجام درا پێویستە بۆ نوێژی دووەهەم بانگ بدرێت و دەرگای مزگەوت دانەخرێت لە بەر ئەوانەی نەهاتونەتە مزگەوت، یان مەرجەکانیان تیادا نەهاتۆتە جێ.

لە کۆتاییدا ئەنجومەنی باڵای فەتوا پێی وایە لە واقیعی ئێستای کوردوستاندا ئەستەمە لە زۆربەی کات وشوێن لە زوربەی خەڵکیدا ئەو مەرجانەی زانایان دایانناوە بۆ دروستی ئەم کۆ کردنەوەیە بێنە دی، بۆیە پێویستە موسوڵمانان خۆیان بپارێزن، ولەسەر ئەصلی نوێژکردن لەکاتی خۆیدا بمێننەوە، مەگەر زۆر دڵنیابن لە هاتنە دی تێکڕای مەرجەکان، چونکە ئەو دەقانەی کە باس لە پارێزگاری کردن لە نوێژ لەکاتی خۆیدا دەکەن زۆر بەهێز و صەریحن وەك ئایەتی: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ (سورة النساء: ١٠٣)، وە هەروەها فەرمودەکانی تایبەت بە (أحاديث المواقيت) دیاری کردنی کاتەکانی نوێژ بەگشتی، وە هەروەها دەرچوون لە خیلاف و جیاوازی زانایان مەبەستێکی شەرعییە.

(والله تعالى أعلم)

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا

هەولێر/ ١/٦/١٤٤١ه = ٢٨/١/٢٠٢٠م = ٩/١١/٢٧٢٠ ك